# منداڵ و تەلەفزیۆن

ئەمیر ئەحمەد

جگە لەوەی خێزان هۆکاری سەرەکیە، کە کاریگەری دەخاتە سەر منداڵ، تەلەفزیۆنیش یەکێکە لەو هۆکارانە، کە کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتی منالاًن دروست دەکات، دەتوانێت زۆرێك لە زانیاری جۆراوجۆر بگەیەنێتە منداڵ، کە پێویست نیە منداڵان بیزانن، چونکە هەندێك لەم زانیاریانە مایەی نیگەتیڤ لەسەر خۆڕەوشتی منداڵ دروست دەکات.. لەو پرۆگرامانەی کە دەبنە مایەی خراپی وەکو ریکلامی بازرگانی، کە هەندێك جار توندییان تێدایە، یان بەکارهێنانی مادده بێهۆشکەرەکان، یان مەی خواردنەوەو پیشاندان‌و وروژاندنی سێکسی، ئەمانە کاریگەرییێکی نەرێنی لەسەر منداڵان و هەرزەکاران جیٚ دێڵیٚ.

هەندێك لێکۆڵینەوە دەریان خستووە تەماشاکردنی تەلەفزیۆن لەلایەن منداڵان بەشێوەیەکی خراپ کەسایەتییێکی دوژمنکارو ناسروشتی دروست دەکات، بەڵام کە ئەزانرێت تەلەفزیۆن ئەم کاریگەریە لەسەر منداڵ جیٚ دەهێڵێت دەتوانرێت سنوورێك بۆ تەماشاکردنی تەلەفزیۆن لەلایەن منداڵان دابنرێت، بۆ ئەوەی تەماشاکردنی تەلەفزیۆن ببێتە هۆی بەسەر بردنی کاتێکی خۆش‌و تەندروست لەناو کۆمەڵگا.

### چۆن تەلەفزیۆن کاریگەری لەسەر منداڵان جیٚ دەهێڵێت؟

– بە چەندین شێوە تەلەفزیۆن کاریگەری لەسەر خوو ڕەوشتی منداڵ جیٚ دەهێڵێت. لەوکاتەی کە منداڵ لە پێش تەلەفزیۆن دادەنیشێت، ڕەچاوی ئەم خالاًنە بکە:

1) **کات:** لەویلایەتە یەکگرتووکانی ئەمریکا منداڵان رۆژانە (4) کاتژمێر بەدیار تەلەفزیۆن دادەنیشن‌و بینینی کاسێتی فیلم‌و یاریەکان کاتی زیاتر دەبەن، دانیشتنی زۆر بەدیار تەلەفزیۆن ئینجا چ بۆ کات بەسەر بردن، یان بۆ لە کۆڵەخۆ کردنەوە بێت، پێویستی بە هاوسەنگی هەیە. دەبیٚ ئەوە بزانیت منداڵ هەمان کاتی دەوێت بۆ گەشەکردن و فێربوون و یاریکردن‌و خوێندنەوەو کات بەسەر بردن لەگەڵ برادەرانی، پێت وا نەبێت زۆر دانیشتن لەبەرامبەر تەلەفزیۆن بۆ منداڵەکەت تەندروست بێت.

2) **خۆراك (خواردن):** ئەو منداڵانەی زیاتر بەدیار تەلەفزیۆن دەمێننەوە قەڵەو دەبن، چونکە ئەمانە هەمان کات بۆ ڕاکردن‌و بازدان‌و مەشق کردن ناقۆزنەوە، کە پێویستیان پێیە، هەروەها لەئەنجامی تەماشاکردنی تەلەفزیۆن بەتایبەتی ریکلامەکانی بۆنەو ئەو خواردنانەی، کە سووکن و تەندروست نین وەکو حەلوا، شرینی‌و شوکلاتەو خواردنەوە، لە ژەمەکانی پێویستی مرۆڤن و لەکاتی بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی منداڵان پیشان دەدرێن.

3) **توندو تیژی:** منداڵ رۆژانە 3 تا 4 کاتژمێر بەرنامەکانی دوور لەلایەنی پەروەردەیی‌و فێرکردن ببینێت، ئەوا دەکرێت نزیکەی 8000 تاوانی کوشتن ببینێت تا قۆناغی سەرەتایی تەواو دەکات، زۆربەی ئەو منداڵانەی نواندنی توندو تیژی لە تەلەفزیۆن دەبینن نازانن ئەمە راست نیە، کە خەڵك دەکوژرێت، تاکە پیاوی چاکیشە ئەم نواندنە دەکات، بۆیە منداڵ فێری توندوتیژی دەبێت وای تێدەگات تەنها هێز دەتوانێت گیروگرفتەکان چارەسەر بکات وەکو لەوەی سوپەرمان کردن.

4) **سێکس:** تەلەفزیۆن وا دەکات منداڵان خوڕەوشتی گەورەکان ببینن، وەکو ماچکردنی یەکترو لە باوەش گرتن‌و جووت بوون. ئەمەش وا لەمنداڵان دەکات، کە چاو لەگەورەکان بکەن‌و بەشێوەیەکی سروشتی بزانن. هەروەها منداڵ وادەزانیٚ خۆشیی‌و چێژی تێدایە بیٚ ئەوەی هیچ ترسێك لای منداڵ دروست بکات.

بەمەش منداڵەکان بە چاولێکەری کردن هەڵدەستن، بۆیە پێوەیستە منداڵەکان بپارێزین لەم جۆرە



بەرنامانەی تەلەفزیۆن، تا منداڵەکەت گەورە دەبێت..

4) **مەی، کێشانی جگەرەو مادده بێهۆشکەرەکان:** زۆر هۆکار هەن هەرزەکاران هان دەدەن مەی بخۆنەوەو جگەرە بکێشن، لایەنەکانی وشیارکردنەوەش کەمن، بۆ ئەوەی بزانن ئەم جۆرە کارانە زیانیان پێ دەگەیەنن، تا لێیان دوور بکەونەوە، چونکە مەی خواردنەوەو جگەرەکێشان و مادده بێهۆشکەرەکان تووشی نەخۆشی و مردنیان دەکات، عارەق و بیرە ئەم بەروبوومانە زیاتر لە تەلەفزیۆنەکان ڕێکلامیان بۆ دەکرێن، ئەوانەی لەناو ئەم ڕێکلامانە دەردەکەون وائەزانرێت، کە ئەمانە مرۆڤی سەرکەوتوو و کاریگەرو چالاکن، بەڵام منداڵەکەت ڕابهێنە ئەمانە تەنها بۆ بازرگانی پێکردنن و با لەمجۆرە شتانە دوور بکەوێتەوە.

5) **ریکلامە بازرگانیەکان:** منداڵ لەتەمەنی هەرزەکاری زیاتر لە 20000 ریکلامی بازرگانی لەساڵێکدا دەبینێ، ڕێکلامە بازرگانیەکان خێراو وروژێنەرن و زۆر دووبارە دەبنەوە لەتەلەفزیۆنەکان، بۆیە منداڵان گۆرانیەکان و گوتنە سەرنج ڕاکێشەکان زوو لەبەر دەکەن و دەڵێنەوە، کاری ڕێکلامە بازرگانیەکان هاندانی منداڵانە بۆ کڕینی خواردن و یارییەکان، یان ئەم بەرهەمەی ڕێکلامی بۆ دەکرێت، ئەمەش زیان بە منداڵەکەت دەگەیەنێت، بۆیە پێویستە منداڵەکەت وا ڕابهێنی، کە ئەوەی پێویست بێت بۆی بکڕیت.

6) **فێر بوون:** تەلەفزیۆن کاریگەری لەسەر فێربوونی منداڵ هەیە، بەرنامەکانی فێربوونی منداڵان کاریگەری ئەرێنی بۆ منداڵ دروست دەکات، وەکو بەرنامەی جادەی سمسم. لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن ئەو منداڵانەی بەرنامەی پەروەردەیی و فێربوونیان پێش چوونیان بۆ قوتابخانە بینیووە ، زیاتر لەگەڵ خوێندن تێکەڵاو دەبن و فێردەبن، بەتایبەت لەبەرنامەو وانەی بیرکاری و خوێندنەوە.

منداڵان کە تەماشای ئەم جۆرە بەرنامانە دەکەن و پێش چوونیان بۆ قوتابخانە دەیان بینن، یارمەتی زۆریان دەدات ودەبێتە مایەی فێربوونیان.

7) **بینینی تەلەفزیۆن بۆ منداڵانی خوار دوو ساڵ:** منداڵان لەهەموو تەمەنەکان فێری شتی نوێ دەبن، ساڵی یەکەم و دووەمی قۆناخی سەرەتایی بۆ منداڵان زۆر گرنگە، بەتایبەتی لەقۆناغی گەشەکردن و پێگەیشتنی مێشك.

لەم ماوەیەدا منداڵ پێویستیان بە تێکەڵاوی منداڵانی تر هەیەو لەگەڵ گەورەکان ئاشنایەتی پەیدا دەکەن، بۆیە لەوانەیە تەلەفزیۆن کاریگەری بۆ زوو فێربوونی منداڵان هەبێ و کار لەگەشەسەندنی مێشکیان بکات. ئەمەش ڕاستییێکە ئەبێ بزانین، ڕەنگە کاریگەرییەکە خراپ بکەوێتەوە بەتایبەتی بۆ منداڵانی بچووك. ئەکادیمای نۆژداری ئەمریکی پێمان دەڵێن باش نییە منداڵانی تەمەن دووساڵ، یان لەخوار دوو ساڵ تەلەفزیۆن ببینن، هەروا منداڵانی لە دوو ساڵ گەورتر ڕۆژێ 2 کاتژمێر تەلەفزیۆن ببینن، بەتایبەت بەرنامەکانی فێربوون و پەروەردەیی.



# ڕۆشنبیریی پەروەردەیی



بۆ ئەوەی ئاگاداری پەروەردەی نوێو سەردەمییانە بین، خوێندنەوەی ئەم چەند دێڕانە گرنگن، تا بتوانین لە ڕێگەیانەوە، ئاگاداری چۆنییەتی پەروەردەکردنی منداڵەکانمان بینو لە چۆنییەتیو شیاربوونمان لەبەردەم ئەو کۆ گرفتانە ئاگاداربین، کە لە کولتوری ئێمەدا گوێیان پێنادەینو لە بەردەمیشیدا ڕۆڵەکانمان بەرەو هەڵدێر دەچن، ئێمە لەهەر ژمارەیەکی ئەو (گۆوار)ەدا بابەتێك بۆ پرسە پەروەردەییەکان دەخەینە ڕوو. بەو ئومێدەین تۆی بەخێوکەریش ڕێنماییەکان بەهەند وەربگریت.

ئاشنا جەمال

## یارمەتی منداڵەکەت بدە، با بخوێنێتەوە

کەی منداڵ دەست بە خوێندنەوە دەکات؟ ئەمە پرسیارێکە بەردەوام دایكو باوکان بەشوێن بەرسفی دەگەڕێن.. بێگومان توانای منداڵێك بۆ خوێندنەوە لەگەڵ منداڵێکی دیکە جیاوازە. بەو واتایەی کە هیچ ئامارێك نادۆزینەوە تا بۆمان ڕوون بکاتەوە، کە کەی منداڵ دەتوانێ بخوێنێتەوە؟ بەڵام کاتێك دایكو باوکان هەوڵدەدەن بۆ منداڵەکانییان بخوێننەوەو هانیان دەدەن بۆ خوێندنەوە، ئەوا توانای خوێندنەوەی منداڵەکانیان دەردەکەوێ، بەپێچەوانەشەوە، کاتێك ئێوە لەو دایكو باوکانەن کە هیچ شتێك بۆ منالەکانتان ناخوێننەوە، پێویستە کۆششی زیاتر بدەن تا توانای منداڵەکانتان بۆ ئاشکرا دەبێت.

ئێمە لێرە هێندێك پرسیار دەخەینە ڕوو، کە دەتوانی لە ڕێگەیانەوە توانای خوێندنەوە لە منداڵت ئاشکرا بکەیت :.



1– ئایا منداڵەکەت ئارەزووی تەماشاکردنی کتێبی هەیە؟

2– ئایا کاتێك کە بەتەنهایە، کتێب دەگرێتە دەستیو سەیریان دەکات؟

3– خۆی پیشاندەدات کە دەخوێنێتەوە؟

4– گرنگی بەدێرە نووسراوەکانی کتێبەکان دەدات؟ ئەوانەی کە تیشکیان خراوەتە سەر؟

5– ئایا ئارەزووی یاریکردنی هەیە بە وشەکان؟

6– پرسیار لە مانای وشەکان دەکات؟

7– کاتێك ئەو چیرۆکانەی کە گوێی لێبووە، بۆی دەخوێنیتەوە، هیچ دێرێك دووبارە دەکاتەوە؟

8– ئایا هەوڵ دەدات چیرۆکەکان بە چەشنێکی دیکە دابڕێژێتەوە؟

ئەگەر وەڵامەکان بە (بەڵێ)یە، منداڵەکەت ئامادەیە کە ئەو



پرۆڤانەی خوارەوەی لەگەڵ ئەنجام بدەیت :

**یەکەم.. خوێندنەوە بەدەنگێکی بەرز**

تۆو منداڵەکەت بەیەکەوە بەدەنگێکی بەرز بخوێننەوە، ئەمەش وا دەکات کە منداڵەکەت باوەڕی بەهێزی خۆی هەبێت، جگە لەمەش دەتوانێ زیاتر کارەکتەرەکانی نێو چیرۆکەکە ئەزبەر بکا، ئەو کاتەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە خێرابێت لە خوێندنەوە، بەڵام دەبێت بتوانیت چێژی خوێندنەوە بۆ منداڵەکانت بدۆزیەوە، کاتێکیش بەدوای ئەو چێژەدا گەڕایت، ئەوا دەبێت:

**1– هەڵبژاردنی کتێب.**

پێویستە وشیاربین لەهەڵبژاردنی کتێبەکان. لەسەرەتای تەمەنی خوێندنەوە وا چاکە کتێبەکان چیرۆکی ئاسایی بن و وێنەیان زۆربێت و نوێ بن، کاتێکیش چیرۆکەکان نوێ بوون، منداڵەکانمان دەربارەی ماناکان دەکەونە پرسیار.

**2– دانیشتن بۆ خوێندنەوە.**

پاش هەڵبژاردنی کتێبەکان، کرداری خوێندنەوە دێت، کە پێویستە گوێ بەو خاڵانەی خوارەوە بدەیت :

– پەنجەت بخەرە سەر وشە بەوشەی دێرەکان.

– هێندێك وشە هەڵبژێرەو داوای ماناکانی لێبکە.

– داوا لە منداڵەکەت بکە هێندێك لەو دێرانەت بۆ دووبارە بکاتەوە کە بەیەکەوە خوێندووتانەوە.

– ئاگاداری هاوسەنگی کارەکتەرو رووداوەکانی چیرۆکەکە بە، تا منداڵەکەت بتوانێ تانوپۆی رووداوەکان بکاو تێکەڵیان نەکات، ئەمەش لە ڕێگەی نەرمی و هێمنی لەخوێندنەوە.

– بوار بە منداڵەکەت بدە سەیری وێنەکان بکات، تا بتوانێ لە ڕێگەی وێنەکانەوە، خۆشەویستی بۆ وشەکان دروست بکات.

– کاتێك کە هەڵە روودەدات مەیوەستێنەو مەیپچڕێنە لە خوێندنەوە، ئەگەر هەڵەکان ماناکانی نەگۆڕین، بۆ ئەوەی رقی لەخوێندنەوە نەبێتەوە.

– داوا لەمنداڵەکەت بکە، کاتێك وشەیەکی بیرچوو، هەوڵبدات بیری بکەوێتەوە، ئەگەر نەیتوانی، تۆ بۆی بخوێنەوە.

**3– خوێندنەوە بە تەنیا.**

بۆ ئەوەی منداڵەکەت ئامادە بکەیت بە تەنها بخوێنێتەوە، دەبێت ئەو خاڵانەی خوارەوە پیادە بکەیت :

– با دەنگی منداڵەکەت لەخوێندنەوە لەدەنگی تۆ بەرزتربێت و هێندێك جاریش لە هێندێك دێڕدا تۆ بێدەنگ بە، با منداڵەکەت بەتەنیا بخوێنێتەوە.

– ئەگەر توانای هەیە بەتەنها بخوێنێتەوە، پاڵی بۆ خوێندنەوە پێوە بنێ.

– ڕێگای لێمەگرە لەوکاتەی کە هێندێك دێر ئەزبەر دەکات و دەیانڵێتەوە.

– کاتێك بەشتێك مەشغولی و منداڵەکەت دەخوێنێتەوە، هەوڵ بدە پیشانی بدەیت کە تۆ بایەخی پێدەدەیت و خۆشەویستی پێبدە.

– چەند جارێك لەگەڵیدا چیرۆکێك بخوێنەوە.

**دووەم.. خوێندنەوە بە ریتم**

مەبەستمان لە ریتم، خوێندنەوەی وشەکان بەهەمان شێوەی کە هەیەتی، ئەمەش وادەکات کە منداڵەکەت بتوانێ وشەکان لە یەکدی جیابکاتەوەو ئەو گۆرانی و سروودانەش کە وشەی جۆراوجۆریان تێدایە، وشەکانی بە ماناو ریتمی تایبەتی خۆی بۆ بخوێنەوە، تا تەواو ئەزبەری بکا.

Ashna_gardi@yahoo.com

# منالّی ناو سك، وەك كالاّ
# بازرگانییەك تا ئێستا نەمانبیستبوو

**تایبەت بە كۆوار:**
گوتراوە " تا سەر بژی، عاجباتی سەیرو سەمەرە دەبینی"، عاجباتیەكانی ئەم سەردەمە لە حەوت عاجباتیەكەی دونیا سەیرترو وێوەترن، هەندێكیان خەڵقەندەی دەستی پەروەردگار، هەندێك لەپاڵ هۆكارە سروشتیەكان، هەندێكی دیكە خەڵقەندەی دەستی مەردووم، هی وا هەیە كۆمەڵگای بەشەری قۆناغێك وەپێش دەدا، هی دیكە دەیان قۆناغ مرۆڤایەتی پاشەوپاش دەگێڕێتەوە دواوە. هەندێكیان بە قازانجی مرۆڤایەتی و هیدیكە پەتای كوشندەو سامناكی ئەوتۆن، كە كۆمەڵگای بەشەریی گیری بەدەستەوە خواردووە. ئەم سەردەمە، كە هەموو ئالوگۆڕێك بە پێوەری ئابووری و بازرگانییە، كالاّكان هیچ، كە ئامانج لە دروست كردنیان بازرگانی و ئابوورییە، بەلاّم بەكالاّكردنی هەست و نەست و گەورەترین سەرمایەی سەر زەوی، زەنگێكی هێند مەترسیدارە، ئیدی دەبێ مرۆڤایەتی بە یاسای پاراستنی هەیبەتی بەشەریی، روو بەرووی یاسای بەكالاّكردنی مرۆڤەكان ببێتەوە.
درێژەی نەدەینێ، ئەم بابەتەی بەردەستتان نموونەیەكی دیكەی بێ بەهاكردنی مرۆڤو دەستەبەركردنی پێداویستییەكانە، ئەم بابەتە چیرۆكی زیندووی ئەمساڵی ئالوگۆڕیە بازرگانیەكانی نێوان كۆمەڵگاو ولاّتە پێشكەوتووەكانی ئەورووپایە، بەلاّم بازرگانی كالاّو شتومەك نا، بەڵكو بازرگانی (نوتفەو جنین و كۆرپەی چەند مانگەی نێو سكی دایك).

**حەسیب ئەدیب زاخۆیی/ ئەڵمانیا**



ئەو ئافرەتەی لە وێنەكەدا دیارە، ( یولیا Julia)ی تەمەن 26 ساڵەی دانیشتووی شاری (كیو kiew )ە لەولاّتی (ئۆكرانیا Ukraine )، مانگی 6ی رابردوو سكی یولیا شەش مانگی بووەو كۆرپەكەشی كچەو لەمانگی 3/2007 زیندوو یان مردوو لەدایك دەبێ، بەلاّم ئەم منداڵە موڵكی دایك و باوكی خۆی نییە، بەڵكو هەر لەناو سكی دایكی (وەك ماسی لەناو دەریا)دا، بە (15000 یۆرۆ) فرۆشراوەو خاوەنەكەی، دایك و باوكە كڕیارەكەی، وا بێ ژانی لەدایك بوون لە بەرلینی پایەتەختی ئەڵمانیا لەچاوەڕوانی ئەودا رۆژان دەژمێرن و هەفتە هەفتە چاودێری باری تەندروستی و چۆنیەتی گەشەكردنی دەكەن.
یولیای دایكی ساوا نەونەزاوەكە، ئافرەتێكی شۆخ و شەنگی خۆشڕووی روخسار جوانی چاو قاوەییە، یاریدەدەری بروانامەكانە و خەڵكی ولاّتی ئۆكرانیایە، مێردی ناوی (ئیوان Iwan)ە و تەمەنی 30 ساڵە، دوو منالّیشیان هەیە بەناوی (ویلادیسلاو Wladislaw)ی تەمەن شەش ساڵی و ( ڤیكتۆریا Victoria)ی دوو ساڵان، ئەوان دەیانەوێ لە خانووی كرێدا، كە مانگانە كرێیەكەی (200 یۆرۆ)یە، بڕۆن و خانوویێك بۆ خۆیان بكڕن، بەلاّم پێویستیان بە (40000 یۆرۆ)یە بۆ كڕینی خانوو، دوو منالّەكەی دیكەشیان لای نەنكیان (داپیرە گەورە)یان دەژین و نازانن داخۆ دایكیان دووگیانە یان نا.
لە وەلاّمی پرسیارێكی گۆڤاری ( بیڵد Bild)، كە داخۆ یولیا دەتوانێ ببێت بە زڕدایك؟ گوتی : (هاوڕێكانم تا ئێستا چەند جار ئەم ئیشەیان كردووە، ئیشەكە هێندەش زەحمەت نییە وەك بیری لێدەكرێتەوە، خۆ پارەكەشی باشەو ( ئیوان)ی مێردیشم هیچ لاری نییە بەرامبەر بە دانانی سك بۆ كەسێكی دیكە بەرامبەر ئەو برە پارەیە، بۆیە ساڵی رابردوو لە سایتێكی ئینتەرنێت بە ناونیشانی (www.Surmama.com ) ئەو داخوازیەو ئامادەیی خۆمان راگەیاند، دوای ئەم راگەیاندنە (شەش خێزان) لە رێی سایتەكەوە پەیوەندییان پێوەكردین، سێ لەوان خێزانان خەڵكی ولاّتی خۆمان ( ئۆكرانیا Ukraine ) بوون، خێزانێكیش خەڵكی (هەنگاریا Ungain )و یەكێك خەڵكی (ئەمریكا Usa)و



دوایین خێزان کە لەگەڵیاندا ڕێک کەوتین، خەڵکی (ئەڵمانیا Girmany)و دانیشتووی (بەرلین)ی پایتەختە، هۆکاری پێکنەهاتن لەگەڵ خێزانەکانی دیکە تەنهاو تەنها پارە بوو، بەڵام خۆشبەختانە لەگەڵ خێزانە ئەڵمانیەکە باش پێك هاتین، ئەوان زۆر مەرجیان لەسەر خۆ قەبووڵ کرد بەرامبەر بە کۆرپەی ناو سکم، تێچووی تێکڕای پشکنینەکان (فحص)، کە هەفتانە ئەنجام دەدرێن لەسەر ئەوانەو وەرگێڕێکی زمانیشیان لەوێوە بۆ هێناوم بەناوی (ناتاشا Natascha)، کە تەواوی ڕاپۆرتە پزیشکیو پشکنینەکان وەردەگێڕێتە سەر زمانی ئەڵمانیو هەفتانە بۆیان دەنێرێ.

ئەوان، ژنە چل ساڵیەکەو و پیاوە پەنجا ساڵیەکە لەگەڵ ناتاشای وەرگێڕ هاتنە سەردانی من لە نەخۆشخانەی منداڵ بوون لە شاری ( کیو Kiew )لە ئۆکرانیا، لە ماوەیەکی کەمدا شارەزای یەکدی بووینو لێك تێگەیشتین، ژنەکە پێشتر دووجار (دووگیان) ببوو، بەڵام هەردوو جارەکە مناڵەکەی لەبەرچوو بوو، چیدیکە نایەوێت تووشی ئەو حاڵەتە ببێتەوە، بۆیە هێندە مشتاقی مناڵەو بەهەر نرخێك بێت دەیەوێ بیکڕێ).

هەروەها لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەی گۆڤاری (بیلد) دا، کە لێیان پرسیوە ئایا بە ڕای تۆ گێلایەتی نییە بۆ کەسێك مناڵێکی هەبێتو بشزانێ ئەو مناڵە هی خۆی نییە؟ دەست بە سکی خۆی دادێنێو بە پێکەنینەوە دەڵێت: ( نەخێر، ئەوە موشکیلەی خۆیانە، ئەوە بڕیاری خۆیانەو هەر خۆشیان دەبێ بەرگەی بگرن).

لە گلێنەی چاوەکانی یولیا، تیشکی پازدە هەزار یۆرۆکە دەدرەوشێتەوەو هیچی دیکە، لەو سەوداو مامەڵەیەش زۆر دڵخۆشو ڕەزامەندە، چونکە وێڕای ئەو پارەیەی لە بەرامبەر کۆرپەکەی وەردەگرێ، لە دوای بەوەلەد بوونی کۆرپەکەش، مانگانە ( 300 یۆرۆ) لە خێزانە ئەڵمانیەکە وەردەگرێ، بەڵام ئەمە ڕواڵەتی دەرەوەی یولیایەو لە ناخیدا خەمێك گیانی دەگوشێ، خەمی هەڵتەکانی سۆزی دایکایەتی، بۆیە هەموو هەفتەیەك دەبێ یولیا لەگەڵ ناتاشای وەرگێڕی، سەردانی نەخۆشخانەی ئافرەتان بکات، لە شاری کیو، بۆ دڵنیابوون لە ڕێكو پێکی گەشەی کۆرپەو مانگێ جارێکیش پشکنینی دەروونی بۆ یولیا دەکرێ، بۆ دڵنیا بوون لە دروستی باری دەروونیی، چونکە زۆر بیر لە مناڵەکە دەکاتەوە، نەبادا بەر لە وادەی لەدایك بوون شتێکی بەسەر بێت، بەڵام دکتۆرەکان دڵنیایان کردۆتەوە، کە مناڵەکە زۆر ئاسایی گەشە دەکاتو هیچ کێشەیەکی نییە.

لەوەڵامی پرسیارێکی دیکەی گۆڤاری بیلد، کە داخۆ چی ڕوو دەدات ئەگەر حاڵەتێکی دوور لە بۆچوونو تێڕوانینی ئێوەو دکتۆرەکان بۆ مناڵەکە هاتە پێش؟ یولیا بە پێکەنینەوە دەڵێت: ( لەسەر هەمو شتێك قسە کراوەو بڕاوەتەوە، چاك یان خراپ مناڵەکە بۆ ئەوانەو موڵکی ئەوانەو هەر ئەوانیش بەرگەی هەر حاڵەتێك دەگرن ئەگەر بێتە پێش، بەڵام ئێستا مناڵەکە زۆر باشەو دکتۆرەکانیش ئێمەیان دڵنیا کردۆتەوە).

هەرچی سەبارەت بە دوای بەوەلەد بوونی کۆرپەکەشە، ئەوا یولیا ئیمزای کردووە، لەو ڕۆژەی مناڵەکە دەبێ، ئەو دایكو خاوەنی نییەو مناڵەکەش هی ژنو پیاوە ئەڵمانیەکەیە، ئەمەش بەپێی پرۆتۆکۆڵی یاسایی، کە یاسای ئۆکرانیا چوارچێوەی بۆ داناوە، لەگەڵ هەندێش یولیا بەوە دڵخۆشە، کە دوارۆژی مناڵەکە لە دەست خێزانێکی دیکەدا مسۆگەرو دابین کراوە.

بەڵام کاتێك کە پێیان گوت، دوای منداڵ بوون ئیدی نابێ تۆ مناڵەکە ببینی، کوڵمەکانی سوور هەڵگەڕان، بۆیە یولیا داوایەکی خستە بەردەمیان، کە ئەگەر مناڵەکە تەمەنی بوو بە ( یەك ساڵ) وێنەیەکی مناڵەکەی بۆ ڕەوانە بکەنو داوەتیشی بکەنە بەرلین تا لە نزیکەوە مناڵەکە ببینێ، لەبەرامبەر داواکەی یولیا، ژنو مێردە ئەڵمانیەکە لارییان نەبوو بۆ ناردنی وێنەی مناڵەکە، کەچی هیچ گفتیان نەدایێ داخۆ ڕێگای دەدەن سەردانیان بکاو مناڵەکە ببینێ یان نا.

لە وەڵامی دوا پرسیاری گۆڤاری بیلد، کە داخۆ جارێکی دیکە ئامادەیە سکی دیکە بۆ فرۆشتن دابنێ؟ یولیا گوتی ( نەخێر....)، بەڵام هەر ئەو نەخێرەو هیچی دیکەی ڕوون نەکردەوە...

دارشتنەوەی: حوسێن مستەفا

# ئەو دەمەی دەبینە قوربانی خۆشەویستی

## کاتێك کچێك دەیەوێت هاوسەرەکەی لە ڕێگەی خۆشەویستی و حاڵی بوون هەڵبژێرێت، تاوانە؟

ڤارین رەشید

**ماڵیان** چەند مەترێك لەو قوتابخانەیە دوور بوو، کە (هۆشەنگ) تیایدا لە پۆلی شەشەمی وێژەیی دەیخوێند، ئەو کە ( ئەڤین)ی ناو بوو، لەبەر توندی باوك و براکانی هەر لە پۆلی دووەمی ناوەندی وازی لە خوێندن هێنا بوو، چونکە (وەك ئەوەی دۆسیەکەیمان بینی) (ئەڤین) منداڵ دەبێت کاتێك دایکی بە منداڵی چوارەم دەمرێ، بۆیەش باوکی ژنی دووەم دەهێنێ و هێندەی پێناچێ دەیکاتە سێیەم و چەند منداڵێکی زۆر دروست دەکات. جگە لەمەش (ئەڤین) لە دایکی حەقی خۆی دوو برای لە خۆی گەورەتری هەبوون. ئەوانیش لەبەرامبەر تەماعی باوکیان دەست لە خوێندن هەڵدەگرن و روو دەکەنە کاری بازاڕ، ئیدی پەیدا کردنی پارە و هەوڵدان بۆ دەوڵەمەندی، باوك و براکانی (ئەڤین) ناچار دەکەن پەیوەندیان بە خێزان، پەیوەندیەکی لاواز بێت و بایەخی پەروەردەیی وەك پێویست ڕۆڵی نابێت، جگە لەوەی کە تەنیا شەوان دەگەڕاینەوە ماڵ.

(ئەڤین) بەشی زۆری تەمەنی لە ماڵ دەباتە سەر، لەو کاتانەی کە دەوامی قوتابخانەش تەواو دەبێ بە چرپە و نهێنی دەرگا دەکاتەوە و لە کونجێکدا چاوەڕێی بینینی(هۆشەنگ) دەکات بۆ ئەوەی بە دەوری تێپەڕێ و نیگای نهێنی و شەرمن بگۆڕنەوە.

ئەگەرچی تا کوژرانی (ئەڤین)یش، کەس بۆ یەك ساتیش (ئەڤین) و (هۆشەنگ)ی بە یەکەوە نەبینی بوو، بەڵام دوابەدوای کوژرانی (ئەڤین)سێ جۆر پرۆپاگەندە لە شار بڵاو بوونەوە.

1- (ئەڤین) لە پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ (هۆشەنگ) پەردەی کچیەتی لە دەست داوە.

2- (هۆشەنگ) چەند جارێك چووە بۆ خوازبینی (ئەڤین)، بەڵام بە هۆی هەژاری ماڵی هۆشەگ، (ئەڤین)یان پێنەداوە و دواتر هەڵی گرتووە و پاش هەموو شتێك گەڕاوەتەوە ماڵ.

3- (هۆشەنگ) تەنها بۆ چێژی تاکەکەسی خۆشەویستی (ئەڤین)ی بەکار هێناوە و دواتر نامەکانی لە ژێر دەرگا بۆ باوکی (ئەڤین) ڕەوانە کردوون.

بەڵام ئەو پرۆپاگەندانە هیچیان راست نەبوون، ئێمە بە دوای راستی ڕووداوەکە رۆیشتین، ئەگەرچی ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەڕیوە و هەر یەکێ: لە (کارزان)ی برا و بکوژی (ئەڤین) و باوکی (ئەڤین) لە زیندانن و هۆشەنگیش تا ئامادە کردنی ئەو ڕاپۆرتە، کەس هیچ شتێکی دەربارەی نازانێت.

ئێمە بە پشت بەستن بە ڕاپۆرتی بنکەی پۆلیس و ئەو کەسانەی کە لە ڕووداوەکە نزیك بوون ئەو ڕاپۆرتەمان ئامادە کرد.

### سەرەتای پەیوەندی

ئەوەی کە سەبارەت بەو پەیوەندییە پرسیارمان لێدەکرد، هەر هەموویان دەیانگووت ئێمە بە هیچ شێوەیەك (ئەڤین) و (هۆشەنگ)مان بە یەکەوە نەبینیبوون، بەڵام هەر هەمووشیان چەختیان لە سەر قوڵی پەیوەندییەکە دەکردەوە.

ئێمە با پشت بەستن بە ڕاپۆرتەکە، چووینە لای (گۆڤەند)، کە هاورێیەکی گیان بە گیانی (هۆشەنگ) بوو و گوایە لە ئیفادەکانیادا باسی پەیوەندی (هۆشەنگ) و (ئەڤین)ی کردووە و وتووشیەتی کە نامەیان لە نێواندا هەبوو.

سەرەتا (گۆڤەند)مان لە ڕێگەی چەند





برادەرێك دۆزیەوە، كاتێكیش پێمان وت سەبارەت بەو ڕووداوە هاتووین، (گۆڤەند) ڕازی نەبوو هیچ شتێك بدركێنیٚ، وتیشی تازە ئەو ڕووداوە تێپەڕیوە، ئیدی بۆ قەتماغەی ئەو برینە هەڵدەدەنەوە؟

دواتر كە پێمان وت ئەركی ڕاگەیاندنە، ببێە ئاوێنەی خەڵك و گێڕانەوەی ئەو جۆرە ڕووداوانەش، نیشانەی پرسیار لە تەك ئەو سیستەمەدا دادەنیٚ، كە باوك دەكاتە دوا بڕیار بە دەستو بە بیانووی شەڕەف كچ سەر دەبڕیٚ، یان دەیخاتە قەفەسەوە. ئەو بە مەرجی ئەوەی ناوەكەی نەدركێنین ڕازی بوو بۆمان بدویٚ.

## یەكەم و دواین نامەی هۆشەنگ

(گۆڤەند) دەڵیٚ: كاتێك پۆلی شەشەمی ئامادەیی بووین من و (هۆشەنگ) لە سەر یەك كورسی لە پۆڵ دادەنیشتین، (هۆشەنگ) كوڕێكی بە زەوق و قسە خۆش بوو، بەردەوام نوكتەی دەگێڕایەوە و دەرسەكانی دەكردنە گاڵتە و دەبووە مایەی پێكەنینی قوتابیانی دیكەی پۆل، لە پڕ گۆڕا.. سەیر گۆڕا.. بێدەنگ لە ژوور دادەنیشت و بیری دەكردەوە و بەردەوام جگەرەی دادەگیرساند، تا ڕۆژێك پێی گووتم، كە كچێك دڵی بردووە و ماڵی دەكەوێتە خوارووی قوتابخانە.. من سەرەتا وامدەزانی لە نێو وەهمدایە، بەڵام كاتێك تەواوی قسەكانی بۆ شەرح كردم باوەڕم كرد.

من ئاگادار بووم كە (هۆ شەنگ) یەكەم نامەی بۆ (ئەڤین) خستە ژێر دەرگا و ئاگاداریش بووم، كە (ئەڤین) نامەكەی هەڵگرت، هەروەك چۆن ئاگاداریش بوو/ (هۆشەنگ) دوا نامەی بۆ (ئەڤین) نووسی، بەڵام ئاگاداری ئەوە نەبووم، كە دوانامەی چۆن بۆی ڕەوانە كرد و براكەی هەڵیگرتەوە.

ئەو ئێوارەیەی كە (هۆشەنگ) نامەكەی نووسی، گەلێك دوو دڵ بوو، یەك لەو دێڕانەی كە لە نامەكەدا هەبوو، ئێستاش بیرم ماوە، نووسیبووی ( **تا مردن لە یادت ناكەم.. تا مردن خۆشم دەوێی..** )

ئیدی بۆ ڕۆژی دواتر پێی وتم، كە ئەچێت نامەكە دەگەینێتە (ئەڤین)، بەڵام ئیدی نەگەڕایەوە و لە پڕ وونبوو، بۆ ئێوارە دەنگۆی ئەوە بڵاو كرایەوە (ئەڤین) بە دەستی براكەی كوژراوە و (هۆشەنگ)یش وون بووە.

## دوا ساتە نارنجییەكانی ( ئەڤین )

(ئەڤین) وەك هەموو جاریٚ بەشێكی دەرگاكە بە لاو نیوی جیٚ دێڵیٚ و چاوەڕێی (هۆشەنگ) دەكات.. كاتێكیش (هۆشەنگ) دەگاتە بەر دەرگایان، (ئەڤین) دەبینیٚ، نامەكەی بۆ فڕیٚ دەدا، كە خستبوویە نێو شخارتەیەك، هەر لەو كات دا (كارزان)ی برای (ئەڤین) بە سەر ئەو ساتە جوانەیان دیت و نامەكە هەڵدەگرێتەوەو (هۆشەنگ)یش ڕادەكات.

چۆنیەتی ڕووداوەكە پاش خوێندنەوەی نامەكە ونە، تا ئەو كاتەی (كارزان) باوكی ئاگادار دەكاتەوەو لەگەڵ ئامۆزایەكی، (ئەڤین) دەبەنە دەوروبەری شار و لەویٚ دەیدەنە بەر گوللە..

هەرچەندە خەڵكی دەڵێن سیٚ ڕۆژ پاش كەشف بوونی نامەكە( ئەڤین) دەكوژریٚ، بەڵام وەك لە دۆسیەكە هاتووە، ئێوارەی هەمان ڕۆژ (ئەڤین) دەكوژن، هەر ئەو ئێوارەیەش دەینێژن.

## چارەنووسی هۆشەنگ و كارزان

پاش ئەوەی (ئەڤین) دەنێژریٚ، (كارزان) هەر چۆنێك بێت ئەدرەسی ماڵی (هۆشەنگ) پەیدا دەكات و بۆ شەو دەچیتە سەر ماڵیان، بەڵام (هۆشەنگ) نادۆزنەوە و (كارزان)یش ماڵەكەیان دەداتە بەر گوللە و باوكی (هۆشەنگ) بریندار دەكا و ئاگاداریشیان دەكاتەوە، كە دەبێت (هۆشەنگ) بكوژێت.

كاتێكیش (هۆشەنگ) بە ئاشكرابوونی نامە و كوژرانی (ئەڤین) دەزانیٚ، ئیدی هەوڵی خۆ كوشتن دەدات، بەڵام برادەرەكانی ڕێگەی پێدەگرن.. ماوەیەك دەچێتە ماڵی ناسیاوێكیان و دواتر دەردەچیٚ و لە وڵات نامینیٚ.

پاش بریندار بوونی باوكی (هۆشەنگ)، پۆلیس(كارزان) دەستگیر دەكا و كاتێكیش زانیاری دەربارەی ڕووداوەكە وەردەگیریٚ، (كارزان) و باوك و ئامۆزاكەی دەستگیر دەكەن و حوكمیان بە سەردا دەسەپیٚ، چونكە جگە لەو تاوانە، هەر یەكێك لە كارزان و باوكی، دەستیان لە تاوانی دیكەدا هەبووە، كە لە كاتی بەدواداچوون ئاشكرا دەبیٚ.

## كۆتایی شتەكان

بە كوژرانی (ئەڤین) خۆشەویستی و عەشق نیشانەی پرسیاریان لە تەك دانرا، بۆ دەبێت خۆشەویستی قەدەغە بێت؟ بۆ دەبێت نامەیەك، كە ڕەنگە هەستی ناوەوەی عاشقێك بێت، ببێتە مایەی كوژرانی كەسێك؟ كیٚ بەرپرسیارە؟ بۆ دەبێت وا بێت؟ تاكەی ئافرەت ببێتە قوربانی هێندێك چەمكی وەك شەڕف و نامووس، كە بە كەیفی باوك پێناسەیان بۆ دەكریٚ. ئایا كاتێك ئافرەت بیەوێت هاوسەرەكەی لە ڕێگەی خۆشەویستی و حاڵی بوونەوە هەڵبژێرێت، تاوانە؟

## ڕۆژی جیهانی ئایدز

# بەرەنگاربوونەوەی کارەساتی سەردەم



د. ڕۆژان

**ڕێکخراوی** نەتەوە یەکگرتووکان هەموو ساڵ، یەکی دیسامبەری وەك ڕۆژی جیهانی ئایدز ڕاگەیاندووە و لەم بۆنەیەدا لەلایەن ڕێکخراوەکان و ئەنجومەنەکانی نێو دەوڵەتیی تەندروستی کۆڕوکۆبوونەوە دەکات، بۆ خەبات دژی ئەم نەخۆشییە و پێشگرتن لەبلاوبوونەوەی ئەو نەخۆشیە ترسناکە.

لە کاتێکدا دونیای زانست و تەکنۆلۆژی پزیشکیی، بەسەر زۆر نەخۆشیی واگیریدا سەرکەوتوو بوون و زۆرترین نەخۆشەکان، کە بەهۆی مرۆڤەوە گوازرابوونە چارەسەریان بۆکرابوو. لەناکاو نەخۆشییەکی نەناسراو لە ئەمریکا و ئەوروپاو پاشانیش لە ئەفریقاو ئاسیا سەری هەڵداو ئەمڕۆ تەواوی جیهانی داگرتووە، کە بە کارەساتی مێژوو ناوبانگی دەرکردووە. ئەو نەخۆشییە ترسناکە ناوی ئایدزە.

ئێستا هیچ وڵاتێك نیە، کە لەگەڵ نەخۆشی ئایدز ڕووبەڕوو نەبێتەوە، بەداخەوە ئێستا سەدی 95 ی گێرۆدەبووەکانی ئەم نەخۆشییە لە وڵاتانی جیهانی سێیەم ڕاگەیاندراون.

**ئایدز چییە؟ ( Acquired Immunodeficiency Syndrome)**

لەبارەی چۆنیەتی سەرەتای تووشبوونی ئایدز زانیارییەکی زۆر بەدەستەوە نییە، بەڵام ئەوەی کە تاڕادەیەك زانایان لەسەری کۆکن ئەوەیە، کە ئەم ڤایرۆسە لە ئاژەڵەوە بەتایبەت (مەیمون) گوازراوەتەوە بۆ مرۆڤ.

لەساڵانی 1979 هەتا 1981 زایینی کۆمەڵێك لە پزیشکانی ئەمریکایی تێگەیشتن، کە بەشێك لەکەسانی هەم جنسباز پاش تووشبوونێکی سادەی نەخۆشی وەك پەسیو لەگەڵ مەرگ ڕووبەڕوو دەبوونەوە.

لەساڵی 1983 ئەو نەخۆشییە بەناوی (سندرومی کەمی بەرگری) ناودێر کرا. لەساڵی 1985دا پرۆسەی لێکۆڵێنەوەو تاقی کردنەوەی لەسەرکرا. ئێستا نەخۆشیی ئایدز وەك زانداروە بەهۆی ڤایرۆسی (HIV) Human Immunodeficiency Virus -یە.

ڤایرۆسەکە بۆ سەر سیستەمی پارێزگاری لەشی نەخۆش هێرش دەکات، بە تایبەت بۆ سەر سیستەمی لیمفەییەکان و هەڵدەستێت بە لەناوبردنی خرۆکە سپییەکانی خوێن، بەتایبەت خرۆکە سپییەکەی وەك سلولەکانی( ت)(t)و هێزی بەربەرەکانی لەش لاواز دەکات. ئەم نەخۆشییە لەڕێگای وەرگرتنی خوێن و ماددەکانی





خـوێن، کـەڵك وەرگـرتن لـە سـرنج و دەرزیلێدانی هاوبەش لەنێوان کەسانی گێـرۆدەی مـاددە بێهۆشـکەرەکاندا، لـە رێگـای کـەڵك وەرگـرتن لـە کەلوپـەلی نەشتەرگەری غەیر ئیستریل (تەعقیم) بۆ کـاری نەشـتەرگەریی و پزیـشکی ددان، لـەرێگای دایکـەوە دەگوازرێتـەوە بـۆ کۆرپـەی سـاواوو هـەروەها لـە رێگـای پەیوەنـدی سێکـسی لەگـەڵ کەسـانی تووشبوو بەم نەخۆشییە دەگوازرێتەوە. ئەمـە لەکاتێکدایـە کـە ڤایرۆسـی (ئێچ-ئـای-وی) لـە رێگـای هـەوا، کـۆخین، پـشمین، ماچـکردن، دەسـتلێدان، کـەڵك وەرگرتن لە کەلوپەلی مکیاژ، مەلەکردن لە مەلەوانگاکاندا بڵاودەبێتەوە.

**ئایـدز لـە جیهانـدا:** ئێـستا بـە پێـی راگەیانـدنی میـدیاکان زۆرتـر لـە 50 ملیۆن کەس گیرۆدەی ڤایرۆسی (ئێچ-ئـای-وی)ن بـە پێـی راگەیانـدنی رێکخـراوی تەندروسـتی جیهـانی( WHO) زۆرتـرین تووشبووانی ئەم نەخۆشییە لە وڵاتانی باشـووری ئـەفریقادا دەژیـن. بەقەسـەی (کـۆفی ئـەنان) لەسـاڵانی 99 تـا 2005 رێژەی تووشبوونی بە ڤایرۆسی ئایدز لە ئاسیا و وڵاتانی رۆژهـەڵاتی ئـەوروپا روو لـەزیاد بووندایـە. بـەڵام لـە وڵاتـانی ئـەمریکا و ئـەوروپای رۆژئـاوا ئـەم نەخۆشـییە روو لـە کـەم بووندایـە، ئـەویش لـە بـەر زۆربـوونی زانیـاریی خەڵکە لەسـەر ئـەم نەخۆشییە، بـەهۆی راگەیانـدن و پروپاگەنـدە لەسەر پێشگیری لەم نەخۆشییە.

**نیشانەکانی ئایدز بریتین لە:** لاوازبوون و دابەزینی کێشی لـەش، بەرزبوونـەوە و نزمبوونـەوەی پلـەی گـەرمیی لـەش، سەرئێـشە، کـۆخین و پەسـیو، لـەوزەتێن و گـەروو ئێـشان، تەنگەنەفەسـی، دروست بوونی برین لە سەر لێو و پێستی لەش.

**چۆن دەتوانین دەستنیشان بکەین، کە کەسێك تووشی نەخۆشی ئایدز بووە؟**

تـەنیا رێگـای مسوگـەر بـۆ ئـەم مەبەستە تاقیکردنـەوەی خوێنـە لەمـەڕ ئایـدز، چونکە زۆر لـەو کەسانەی تووشـی نەخۆشی ئایـدز بوونە، رەنگە بەساڵان هیچ نیشانەیەك لەم نەخۆشییە شك نەبەن، بـەڵام هـەڵگری ئـەم ڤایرۆسـەن، بەوماوەیـەش دەڵـێن (دەورەی کۆمون). دەورەی کۆمون لە کەسێك بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە ، شتێکە لە نێوان 10 هەتا 13 ساڵ.

**رێگاکانی پێشگیری لە تووشبوون:** خۆپاراستن لـە جووتبـوونی سێکسی لەگـەڵ کەسـانی گومـان لێکـراو بەتایبـەت لـە رێگـای (ریکتالی-واژینالی)یان لە رێگای دەمەوە.

خۆپارستن لـە وەرگـرتن یـان دانـی خـوێنی دەمـار، بەتایبـەت لـە دەرەوەی ناوەندییـە تەندروسـتییەکان، کـەڵك وەرنـەگرتن لـە سـرنجی بـەکاربردراو، بەتایبـەت لـەنێو کەسـانی گیرۆدەبـوو بـە مادده بیهۆشکەرەکان.

**چارەسەری و دەرمانی ئایدز:** لە حاڵی حازردا هیچ دەرمانێکی مسوگەر دژی ئایدز نەدۆزراوەتەوە. هـەروەك ئاشکرایە باشترین چارەسـەریی پێـشگیری لـە تووشـبوونە. لـە رێگـای راگەیانـدنی زانیـاریی دروسـت بـە خـەڵك بەتایبـەت بـە توێـژی گـەنجان، کـە کـردەوەی پڕمەترسـیداریان هەیـەو مـرۆڤ گـەلێك کـە نەخۆشـی خوێنیان هەیە.

لەسەرەتای ئیپیدیمی ئایدز تا ئێستا کۆمەڵێك دەرمان و واکسین (لقاح) دۆزراونەتەوە، کە توانای زاڵبوون و بڵاوبوونەوەی ڤیرۆسی HIV هەیە و تەمەنەی ئەونەخۆشانە درێژ دەکات، لە حاڵی حازر یـەك دەرمـانی مـسوگەر نییـە بـۆ چارەسـەریی ئایـدز، ئـەو دەرمانانەی تا ئێستا دروستکراون، تـەنیا تەمـەنی نەخۆشـەکە بۆ ماوەیـەك درێژدەکەنـەوە، نـەخۆش دەبـێ لـە سـێ دەرمـانی دژی ڤیرۆسی کەڵك وەرگرێ،

هەرچەند نرخیشیان زۆر گرانە، بەڵام زۆر هیوابەخەش نیین.

rojanashtab@yahoo.com

# گرفتی من..

**لە بەر** ئـەوەی کۆمـەڵگای کوردسـتـان، کۆمەڵگایەکـە لەکێـشەو ئاسـتەنگ و دیاردەگەلی جیاجیا بەدەرنیە، گرفتو ئاریشە کۆمەڵایەتییەکان لـە زۆر لاوە رووبـەڕووی خێزانی کوردی بوونەتەوە، بەتایبەت گرفتەکانی پەیوەندیدار بەژیانی منداڵ وگـەنج و ژنان و پێکهاتە جیاجیاکانی دیکەی کۆمەڵی کوردەواری، (کۆوار) بەچـاکی زانـی دوو لـە لاپەڕەکانی خۆی بۆ بەدواداچوونی ئەم پرسە تەرخان بکات.. لەم رووەشەوە هەوڵـدەدەین لەرێی پسپۆرانی پەیوەندار بە پرسە کۆمەڵایەتییەکان و سوود وەرگرتن لـە ئینتـەرنێت، پرسیارەکان وەڵامی پێویستیان هەبێت.

سروە کەریم مستەفا

*من ئافرەتێکم لەیەکێك لەشارۆچکەکانی ئەو وڵاتە نیشتەجێم و قوتـابی زانکـۆمو لەیـەکێك لەبەشـە ناوخۆییـەکان دادەنیـشم، لەماڵـەوە چوار خوشـك و دوو بـراین و دایـك و باوکیـشم مـاون، یـەکێك لـە براکـانم تەمـەنی (19) سـاڵانە و وازی لەخوێنـدن هێناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش کارمەندە لە یەکێك لە فەرمانگەکان، گرفتـی مـن پەیوەنـدی بـەو برایەمـەوە هەیـە، کـە پەیوەنـدی خۆشەویـستی لەگـەڵ خاڵۆژنێکمـەوە هەیـە، هەرچـەندە ئـەو خاڵۆژنـەم سێ منداڵی هەیـە، بـەڵام دڵـی براکـەمی بـردووە، من سـەرەتا بەباشـی دەمزانـی ئـەو پەیوەندیـەیان هەیـەو لەڕێگـەی قسەو چاوەکانیان دەمخوێندنـەوە، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی بەڵگـەم بەدەسـتەوە نـەبوو نەمـدەتوانی لێیـان لـە هـەڵلاّ بـدەم، بـەڵام رۆژێکیـان بەچاوی خـۆم بینـیم کـە براکـەم و خـاڵۆژنم خـەریکی ڕاموسـانن، ئەوسـا لێیـان تونـد بـووم و قیڕانـدم بەسـەریان، وەلێ ئـەوان حاشـایان کـردو دانیـان نـەنا، ئیتر ئـەوە بـوو لێـی بێـدەنگ بووم، بەڵام چەند رۆژێـك بـەر لەئێـستا لـەکاتی پـشووی هـەینی و گەڕانەوەم بۆ ماڵ، کە دەرگام کردەوە هەمدیس براکەم و خاڵۆژنم بینی بە هـەمان شێوەی جاری یەکـەم خـەریکی ڕاموسـان بوون، ئیدی گڕم تێبەر بـوو، ئەگـەرچی ئـەوان دیـسان حاشـایان لێکـرد، بـەڵام دواتـر وتیـان "ئێمـە دەسـت لـەم کـارە هـەڵناگرین" و هەرسێکمان بەشەڕ هاتین.

من ئێـستا نـازانم چـی بکـەم، لەکاتێکـدا تەحـەمولی ئـەو خیانەتـە گەورەیە ناکەم، لەگەڵ ئەوەشدا ناوێرم باسی بکەم، ئەزانم گرفتو کێـشەی گـەورەتری لێدەبێتـەوە، خـەریکە ئۆقرەم نـامێنێ و هـیچ تاقەتی وانە خوێندنم نەماوە و بەردەوام بیری لێدەکەمـەوە، ئێوە دەزانن چەند جێگای ناڕەحەتیە، ئێوە لەگۆڤارێکن هەمیشە بەدەم ئەو گرفتانەوە دێن، تکایە چارەسەرێکم بۆ بدۆزنەوە، ئایا باسـی بکـەم و بیـدرکێنم، کـە دەبێتـە هـۆی گرفتـی گـەورەتر، یـان لێـی بێدەنگ بم کە دەبێتە هۆی دڵتەنگی بەردەوامی و بێ ئۆقرەیی بۆ هەمیشە، تکایە رێگام پیشاندەن؟

– ئازیزەکەمان، بێگومان ئەوەی تۆ باسـی دەکـەیت، عاقیبەتەکەی بـاش نابێـت، بەتایبـەت کاتێـك خاڵـت ئـەو مەسـەلەیە بزانێـت، بێگومان ئەوەی تۆ باسـی دەکـەیت، گرفتێکـی قوڕسـە، بە تایبـەت بـۆ کۆمـەڵگای ئێمـە کـە پێکهاتـەی کۆمەڵایـەتی بەیەکـەوە پەیوەستن‌و خزمایەتی کاریگەری لەسەر ژیانی یەکتری جێ دێڵـێ ( بەتایبەت خاڵ و مام)..

تـۆ زۆر باشـت کـردووە ئـەو گرفتـەت نەدرکانـدووە، بێگومـان درکانـدنی ئـەو گرفتـە، گرفتـی گـەورەتری بـەدواوە دێـت، بۆیـەش بەڵێن بدە کە هەرگیز نەیدرکێنی... بەڵام چارەسەر چییە بۆ ئـەو کێشەیە، ئایە وەکو خۆی جێی بهێڵین؟ یانیش هـەوڵی بنبڕکردنـی بدەین؟

بێگومـان ئـەوەی دووەم دەتـوانێ چارەسـەر بێـت، بۆیـەش کـارکردنی تـۆ لەئێـستا بـەدواوە قوڕسـتر دەبێـت، کـە تیایـدا وەك کەسێکی بەرپرسیار قسە لەگەڵ براکەت دەکەیت و لەنزیکەوە بێ پـێچ و پـەنا هـەموو شـتێکی لەگـەڵ بـاس دەکـەیت، چونکە بیرت نەچێت براکەت هێشتا بچووکەو نازانێت بەتەواوی شتە هەڵـەکان لەیـەکتری جودا بکاتـەوە، ئەگەرچـی ڕەنگـە قوڕس بێـت دروسـت بوونی ئەو گفتوگۆیە لە نێوانتان، بەتایبـەت کـە لەنامەکـەت دیـارە بەگوێـت ناکـات، بـەڵام ئـەکرێت بـەهێنانی کۆمـەڵێك نموونـەی دروســـتکراو یـــان باســـکردنی ترسناکی ئەو خۆشەویستیەی ئـەو، بــە رێگایــەکی هــێمن‌و لەســەرخۆ بیگەیەنە ئەنجام، چونکە ڕەنگـە لـەو تەمەنـــەی ئـــەو عاتیفـــە تـــەواو کۆنترۆڵی عەقڵ بکات، بەتایبـەت بۆ بابـەتێکی ئـاوا، بـەڵام ئەگـەر بکـرێ هۆکـاری ئـەو خۆشەویـستیەت بـۆ باس بکاو بتوانێ ئەوەی لەناویـدا بەتاڵی بکاتـەوە، چونکە مـرۆڤ ئـەو کـات دەتـوانێ هەڵـەکانی خـۆی ببینـێ، کە قسە دەکات‌و دانـی پیـا دەنـێ، لەگـەڵ ئـەو گفتگۆیەشـدا ئاگـاداری بکـەرەوە، کـە ژیـانێکی جـوانتری لەبەردەمدایـە، ژیـانێکی لێـوان لێـو لەئاسـوودەیی، ئەشـێت لەدواڕۆژدا ببێتە خاوەن خێزانێکی



ئاسوودەو ماڵو منداڵ دروست بکات، چونکە ئەو جۆرە قسانە یارمەتی دەدەن بۆ ئەوەی بە هەڵەکانیدا بچێتەوە، بەڵام وریابە وەك گوتمان بەهێمنیو وریایی ڕووی ئەو جۆرە ئاخافتنانە بکەرەوە، چونکە ئەگەر بزانێت تۆ یارمەتی دەری ئەو نیت، لێت نایەتە پێشەوە، کاتێکیش بەنەرمی لەگەڵی دوایتو دواڕۆژت پیشاندا، ئاگاداری ئەو حاڵەتە ترسناکەی بکەرەوە، کە ڕەنگە ئەوەی ئەو ئێستا تیایەتی، یاری کردن بێت بەلوغمو ئەگەر دەست نەکێشێتەوە، ڕەنگە لەنێو لەپی دەستی بتەقیٚ، ئەمە جگە لەوەی لەحەرامیو قەدەغەیی ئەو پەیوەندییە ئاگاداری بکەرەوە، ئازیزم.. وەك پێشتر گوتمان تۆ دەبێت زیاتر بەرپرسیار بیت لەو بابەتە، چونکە (تۆ) لەلایەك کەسێکی نزیکی ئەوانیت، بەتایبەت (براکەت)، لەلایەکی دیکەش بەسەر راموسانەکان چوویت و ئاگاداری پەیوەندیەکەیت، بۆیەش وا چاکە تۆ مۆڵەت لە کۆلیژ بخوازیتو بچیتەوە ماڵەوە تا کێشەکە چارەسەر دەکەیت، هەوڵیش بدە لەو مۆڵەتە، بچیتە لای خاڵۆژنت و بەهەمان شێوە لەگەڵی بدوێیت و باسی ئەو گرفتو کێشە دژوارانە بکەیت، کە دوابەدوای ئەو پەیوەندیەی ئەوان ڕوو دەدەن، بێگومان ترسناکیشە بۆ ئەو کە ئافرەتە و خاوەن منداڵە، وریای بکەرەوە ئەو پەیوەندیەی ئەوان جگە لەوەی حەرام و قەدەغەیە، چارەنووسەکەی بۆ نادیارییو تاریکی دەچێت، ئەمەو چ جای ئەوەی کە ئەو ئافرەتەو کاتێك ئەو چیرۆکە کەشف دەبێت چارەنووسی ڕەش دەبێت، هەوڵیش بدە لەگەڵ خاڵۆژنت بەڵێنی ئەوە بدەیت ئیدی ئەگەر لەو کارە دەست هەڵبگریٚ، تۆش لە بەرامبەردا تاهەتایە ئەو ڕووداوە نادرکێنی، وێڕای ئەوەش لەگەڵ خاڵۆژنت باسی خۆشەویستی منداڵەکانی بکە، بیری بخەرەوە ئەگەر ئەو پەیوەندیە ئاشکرا بێت، منداڵەکان قوربانی یەکەمن، بەڵام هیواداریـن کە بەرپرسیارانە بەرامبەر بەو کێشەیە ڕووبەڕووبیتەوە. چەند بارەشی دەکەینەوە، ئەو بابەتە نەدرکێنیت، تەنانەت لای برادەرەکانیشت. هیوای ئازایی و هێزت بۆ دەخوازین، ئەگەر سەبرو هێمنی و ئارامیت هەبێت دەتوانی ڕووبەڕووی ئەو گرفتە ببیتەوە، چونکە تۆ لە ڕووبەڕوو بوونەوەدا ئازایت، مادامەکیٚ توانیت ئەو گرفتە بنووسیتو بەدوای چارەسەر بکەویت، گوزارشتە بۆ توانای زیرەکی و بەرپرسیاریو ئازایی تۆ.

***من بۆ ماوەی یەك ساڵو چوار مانگە شووم بە پیاوێکی دوو ساڵ لەخۆم گەورەتر کردووە و منداڵێکی ئیفلیجمان هێناوەتە بەرهەم، کە ئێستا حەوت مانگەو بەرەو باش بوون دەچێت، کێشەی من پەیوەندی بەدایکمەوە هەیە، کە هەرگیز حەز بە چارەی مێردەکەم ناکات و بەردەوام رقی لێیەتی و هەمیشە بێڕێزی لەگەڵ دەکات، کاتێکیش لەگەڵ منداڵەکەم لەنەخۆشخانە بووین، دایکم چەند جارێك هەر لە خۆیەوە داوای لەمێردەکەم کرد تەلاقم بدات، دایکم بەردەوام شتی نادروست بۆ مێردەکەم دروست دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا لەکاتی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی بڕێك پارەی لەمێردەکەم بەقەرز وەرگرت تا ئێستا نەیداوەتەوەو لە هەمان کاتیشدا دەڵێت پیاوێکی ماددی و پارە پەرستە.**

**من نازانم هۆکاری ئەو جۆرە هەڵسوکەوتەی دایکم لەچیدایە، کە ئێستا تەمەنی گەیشتۆتە کۆتایی پەنجاو پارەشی زۆر خۆش دەوێت، بۆیەش بەردەوام پێم دەڵێت واز لە مێردەکەت بێنە و منداڵەکەت ببە دایەنگایەكو بگەڕێوە خوێندن، کە بەشووشی دام گوتی واز لەخوێندن بێنە، من تەواو ڕێز لەمێردەکەم دەگرم و خۆشم دەوێت، ئەویش تەواو مافی داومەتیٚ و ڕێز لەخۆم و خێزانیشم دەگرێت، بەڵام بەم دواییەو لەبەردەم ئەو هەڵسوکەوتەی دایکم، ئێستا خەریکە ڕقی لێمدەبێتەوە، نازانم چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو گرفتەم بکەم ؟**



ـ ئازیزەکەمان، ئێمە ژیانی هاوسەریەتی بۆ ئەوە پێك ناهێنین کە چێژی هەیە و دەبێت هەر بیکەین، بۆ بەرژەوەندیش شوو ناکەین، بەڵکو ژیانی هاوسەریەتی پەیامێکە تەواو بەرپرسیاریەتی تێدایە، پێدەچیٚ تۆ ئەو پەیامەت بیر چووبێت، یان ئەگەری ئەوە هەیە بەرپرسیاریەتی لەدەست بدەیتو بەدوای ڕایەکانی دایکت بکەویت.

منداڵەکەت ئەوپەڕی بەرپرسیاریەتیە بۆ تۆ، سەرکەوتن لەژیانی هاوسەریەتی هەست کردنە بەو بەرپرسیاریەتیە، بۆیەش گویٚ شل مەکە بۆ دایکتو ئەو ڕایانەی کە سەبارەت بەمێردەکەت دەیڵێت، مادامەکیٚ ڕێز لەمێردەکەت دەگریت و ئەویش مافی تەواوت دەداتیٚ، هەوڵبدە زیاتر لەیەکتری نزیك بکەونەوەو بەدوای چارەسەری باش بگەڕێن بۆ منداڵەکەتان.

بەڵام وریا بە، تا بۆت دەکریٚ دووربە لەو ڕایانەی دایکت و هەوڵیش بدە ڕایەکانی دایکت کاریگەریی لەسەر تۆ جیٚ نەهێڵیٚ، ئەگەر دەتزانی دایکت هەر داوای جودابوونەوەی تۆ دەکات، ئەو ماوەیە لە دایکت دوور بکەوەو بەتەنها یارمەتی بدە، ئەگەر باری ئابووریشتان باشە، هەوڵ بدە یارمەتی ماددی دایکت بدەیت، مادامەکیٚ ئافرەتێکی پارە خوازە.

# چوار پرسیار، چوار وەڵام

**بۆ** ئاشنابوونی خوێنەران بەچەند بابەتێکی پەیوەندیدار بە سێکس‌و هەندێک پرسیاری شاراوەی پەیوەست بەژیانی نێوان ژن‌و پیاو، (کۆوار) هەرجارەو وەڵامی پێویستی چەند پرسیارێکی تایبەت بەکێشە سێکسیەکان دەداتەوەو ژێدەریش بۆ ئەو وەڵامانە، کۆمەڵێک راوێژکارو پسپۆڕن بەو مەسەلەیە، لەگەڵ سوود وەرگرتن لەئینتەرنێت.

***من گەنجێکی تەمەن 35 ساڵەم، بۆ ماوەی سێ مانگە لە غەریبی دەژیم‌و دوورم لە ژنەکەم، لەو ماوەی دووریەدا، شەوان خەونی سێکسی دەبینم. بەلاّم بەرلەوەی خەونەکە تەواوبێت، شەو خەبەرم دەبێتەوە، کە دەشنوومەوە هەمدیس خەون دەبینمەوەو (شەیتان پێم پێدەکەنێ)! ئەمەش وای کردووە کاریگەریی لەسەر دەروونم جێ بهێڵێ، ئایا من سروشتیم؟ ئایا خەون بینین بە سێکس ئاساییە؟**

– ئازیزەکەمان، خۆت ئەشکەنجە مەدە بە بینینی ئەو جۆرە خەونانە، چونکە خەون بینین بە سێکس تاوان نییە، کە خۆت سەخڵەت بکەیت‌و شەرم داتبگرێ، یان هەوڵبدەیت ئیدی نەیبینی، چونکە دوور بوونت لە ژنەکەت وات لێدەکات خەون ببینیت، ئەمەش بۆ گەنج ئاسایی‌و سروشتییەو پێویستی بە دڵەڕاوکێ نییە.

***من ئافرەتێکی 23 ساڵانەم‌و بۆ ماوەی 5 ساڵ دەبێت تەلاّق دراوم‌و مانگێکی دیکەش زەماوەندمە لەگەڵ پیاوێکی دیکە، ئایا لەکاتی جووت بووندا ئازار دەکێشم؟ بۆ زانیاریشتان پاش تەلاّقدرانم کرداری سێکسیم ئەنجام نەداوە، تکایە ولاّمم بدەنەوە، چونکە ترسێکی زۆرم هەیە..**

– ئەگەر لەگەڵ مێردی یەکەمدا لەکاتی جووت بووندا، ئازارت نەکێشاوە، بۆ ئێستا دەترسی؟ کردار وەکو خۆیەتی‌و ئامێری سێکسیش گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، واتە تەلاّقدرانت هیچی لە مەسەلەکە نەگۆڕیوە.

***پرسیاری من زیاتر پەیوەندی بە رۆشنبیریی سێکسییەوە هەیە، ئایا پیاو یان ئافرەت کامیان سێکسی ترن‌و شەهوەتی کامیان زیاترە؟**

– ئەوەی کە تۆ دەیڵێیت ئەفسانەیە، ئێمە ئەو جۆرە قسانە لەکاتی پێویست‌و بۆ بەرژەوەندیی بەکار دەهێنین، ئەگەر بمانەوێ ئافرەت لە ژوورێکدا بەند بکەین، دەڵێین شەهوەتی لەپیاو زیاترە، کاتێکیش بمانەوێ بیکەینە دوو ژن‌و سێ، یان خیانەت لە ژنەکانمان بکەین، دەڵێین پیاو شەهوەتی سێکسی لە ژن زیاترە، ئەگینا هیچ ئامارێك بەو شێوەیە نییە کە تۆ باسی دەکەیت.

***ئایا سك پڕبوون لەکاتی بێ نوێژیی ئافرەتان روو دەدات؟ کاتێك کە کرداری تەواوی سێکسی ئەنجام بدرێت! تکایە بە پەلە وەلاّمم بدەنەوە؟**

– رەنگە هەمووومان ئەوە بزانین کە لە هێندێك ئاین‌و نەریتدا کرداری سێکسی لەگەڵ ئافرەتی بێ نوێژ، بە قەدەخە دانراوە، جگە لەوەی کە لە رووی چێژەوە کاتێ پیاوان خوێن دەبینن چێژی لێوەرناگرن. لە رووی زانستیشەوە ئەگەری وا هەیە سك پڕبوون روودات، بە تایبەت ئەو ئافرەتانەی کە بچووکن‌و سووڕی خوێنیان رێك‌و بە ژمارە نییە.

